## د.چنار سەعد عەبدوڵڵا بۆ گوڵان:

# ئافرەتانی حزبی بەرامبەر بە گەندەڵییەکان کەمتەرخەم و بێدەنگ نین



**د.چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی رێکخراوە پیشەییەکانە، هەروەها پێشتریش ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و وەزیری کاروباری شەهیدان بووەو مامۆستای زانکۆشە، هەربۆیە لەم دیمانەیەدا چەندین پرسی تایبەت بەرەوشی ئافرەتمان لەگەڵیدا تاوتوو کرد، خاتوو چنار لەگەڵ ئەوەی ئەو ئەندامی سەرکردایەتی حزبێکی سیاسییە، بەڵام بە بڕوا بەخۆبوونەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئافرەتی حزبی هەرگیز بەرامبەر پێشیلکردنی مافەکانی ئافرەت و دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت بێدەنگ نەبووە .**

***

*** هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کۆنفرانسێکی ١٦ ڕۆژە لەهەولێر بەهەمان مەبەست ڕێکخراوە، کۆنفرانسی لەوجۆرە تاچەند کاریگەری لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت دەبێت؟**

- هەموو کۆنفرانس و کۆنگرەیەك، یان هەر دانیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕایەك سوودی خۆی دەبێت، چونکە کۆمەڵەکەسێك دادەنیشن و پێکەوەکۆدەبنەوە قسە لەسەر پرسێك دەکەن و ڕادەگۆڕنەوەو بابەتێك دەوروژێنن، بەڵام هەندێك جاریش رەنگە دەچێتە قاڵبی ئەوەی کە زیاتر لە رووی راگەیاندن و رووکارییەوە پیشانبدرێت و لەباری کردەییدا کەمتر هەست بە ئەنجامەکانی دەکرێت، کێشەی زۆربەی ئەو کۆنفرانس و دانیشتنانەی کەلە کوردستان دەکرێن، چ ئەوەی پەیوەندی بەپرسی ئافرەت وتوندوتیژی هەیە، چ ئەوەی کە پەیوەندی بەپرسەکانی دیکەوە هەیە لەوەدایە کە زۆر قسە دەکرێت و زۆر شت باسدەکرێت، بەڵام کە دێتە سەر بواری جێبەجێکردن دەبینین ئەنجامی کەمتری هەیە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دوای کۆتایی هاتنی کۆنفراسەکە بەدواداچوون لەسەر ئەو راسپاردە و بڕیارانە ناکرێت کە کۆنفراس داویەتی، هەروەها بەدواداچوون ناکرێت بۆ ئەوەی بزانن ساڵانی پێشتر چیکراوە و چینەکراوە، لەبەر ئەوەی بڕیار و راسپاردەکانی پێشتر بەدواداچوونی هیچ بۆ نەکراوە، ئەگەر کونفرانس و کۆنگرەکان پێداچوونەوە بۆ ساڵەکانی پێشوویان بکەن خاوەن بەرنامەبن بۆ ساڵەکانی داهاتوو، ئەوکات سەرکەوتووتر دەبن و پێشکەوتنەکانیش خێراتر دەبن.

*** لەو لاوازی و سستییەی کە لەپێشووەچوونی ئامانجی کۆنفرانسەکان ئاماژەت بۆ کرد، تا چەند خودی ئافرەت تۆمەتبار دەکرێت؟**

- هەندێکی پەیوەندی بەخودی ئافرەت و ئاستی

**جاران یەک ئافرەت لەسەرکردایەتی پارتی هەبوو ئێستا بۆتە چەند ئافرەتێک، هەرکامیشیان بەرامبەر بەکاری پێسپێردراویان ڕۆڵی خۆیان هەیە، ئەوەش کە تا چەند سەرکەوتوون، با هاووڵاتی خۆشەویست بڕیاری لەسەر بدات**

ڕۆشنبیری و تێنەگەیشتنی لەپرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەیە، ئایا لەو بوارەدا چەندە دەیەوێت خزمەت بکات؟ بەشێکی دیکەشی پەیوەندی بە دامەزراوەو کەلتووری کۆمەڵگە هەیە، کۆمەڵگە لەکۆمەڵێك دامەزراوە پێکهاتووە، هەرە یەکێك لەوانە لەکۆمەڵێك لایەن پیکهاتووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیش دەبێت هەموو لایەنەکان کاربکەن، ئەگەر هەر لایەنێك کەمتەرخەمی و سستی بنوێنێت لەچارەسەرکردنی گرفتێك، بێگومان پرۆسەکە فەشەل دێنێت، یان سست و خاوی دەکات.

**• دەگوترێ حکومەت هەوڵی زۆری داوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی، بۆچی سەرەڕای ئەو هەوڵانە ڕێژەی توندوتیژی زۆرتر بووە؟**

- من هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە ڕێژەی توندوتیژی بەهیچ شێوەیەك زیادنەبووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێستا سەردەمێکە شتەکان ناشاردرێتەوە، بۆیە زیاتر بەرچاو دەکەون، لەم سەردەمەشدا کە هۆکاری تەکنەلۆژیا و گەیاندن دنیای کردۆتە گوندێکی بچووك، زۆر بە ئاسانی هەر پێشلکارییەك دژی ئافرەتان بکرێت بڵاودەبێتەوە، هەر بۆ نموونە جاران ئەگەر شتێك لە گەڕەکێك روویدابێت، گەڕەکەکەی تەنیشتی پێی نەزانیوە، چونکە هۆکاری پەیوەندیکردن زۆر سادە بووەو وەك ئێستا نەبووە، بەڵام ئێستا وانییە و هۆکاری پەیوەندیکردن زۆر ئاسان بووە و زۆربەی زۆری خەڵك لەماڵی خۆیدا ئینتەرنێتی هەیە. پێشتر و لە کۆندا مەسەلەی شەرەف زۆر سەختربوو و خەڵکەکە توندڕۆتر بوون، بۆیە لەوانەیە پێشتر لە ساڵێکدا چەند ئافرەتێك لە گوندەکان لەسەر تۆمەتی ناموسپارێزی لەسەر مەسەلەی شەرەف کوژران و لەوانەیە کەسیش نەیزانیوە، ئەگەریش زانیبێتیان قسەیان نەکردووە، چونکە شتێکی ئاسایی بووە بەلایانەوە، بەڵام ئێستا وانییە، لەشارێکی زۆر گەورەش کە چەندسەدهەزار کەسێکی تێدا دەژی، ئەگەر حاڵەتێك ڕوویدات، خەڵکی ناوخۆ و دەرەوەش پێی دەزانێت، بۆیە خەڵك وادەزانێت ئەم دیاردەیە زۆر بووە.

لە لایەکی دیکەوە چوونەدەرەوەی ئافرەت لەماڵ و کارکردنی لەهەموو شوێنەکان خاڵی ئیجابی و سوودیشی هەیە، بەڵام هەر ئەمە وایکردووە کە کە ململانێی دوو ڕەگەزەکە زیاتر بێت، پێشتر ئافرەت ئەگەر سووکایەتی پێبکرایە و لێی بدرایە، گوێی نەدەدا، بەڵام ئەمڕۆ قبووڵی ناکات، چونکە ئابووری سەربەخۆی هەیە، هەرچی کۆمەڵگە کراوەتربێت، کێشەکان زیاتر بەرچاو دەکەون.

*** دەگوترێ کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی کراوە نازانرێ، ئایا لە هەرێمی کوردستان جێبەجێنەکردنی یاساکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت، تا چەند لەسەر درووستبوونی ئەو ڕایە کاریگەری هەیە و چ لایەنێك زیاتر لەو بوارەدا بەرپرسیارە؟**

- لە جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە مافی ئافرەتان کەموکورتییەکی زۆر گەورە هەیەو ئەو ئافرەتانەی کە لەناو ڕێکخراوەکانن پێویستە هەوڵبدەن وەك چاودێرێك فشار دروست بکەن، لەبەرئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك چاودێر دەتوانن کاربکەن و کاراکتەرێکی بەهێزبن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، ئەرکی سەرەکیی ئەوانە گوشار بخەنە سەرحکومەت بۆ ئەوەی یاساکان جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی لەبەرژەوەندیی ئافرەتانە. ئافرەتان خۆیان لەوە بەرپرسیارن، ڕەنگە دادگاکانیش ڕۆحی جێبەجێکردنیان نەبێت و باوەڕیان بەیاساکە نەبێت، بۆیە دادوەرانی بەڕێزیش بەرپرسیارن لەو کەموکورتییانە، لایەنی دیکەش کە زۆر تاوانبارە لەجێبەجێنەکردنی یاساکان، پەرلەمانە کە زۆر کەمتەرخەمن لەو بوارەدا، بەتایبەتی لیژنە پەیوەندیدارەکان، بۆیە پێموایە کەمتەرخەمییەکە فرەلایەنەو هەموو لایەنەکان کەمتەرخەمن.

*** بۆچی لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسیدا بە دەگمەن ئافرەتی سەرکردە دەبیندرێت، ئایا ئافرەتی کورد باوەڕی بە کاری سیاسی نییە؟**

- لە هەر کۆمەڵگەیەك بەشداریی سیاسی و ڕێژەی ئافرەت لە دروستکردنی بڕیار لاوازبێت، ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار هەژمار دەکرێت، یەك لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانەی باوەڕیان بەکاری سیاسی هەبێت، ژمارەیان کەمە، چونکە زۆربەی ئافرەتان ڕوودەکەنە کاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، ئەمەش نەك لەکوردستان بەڵکو لەهەموو جیهاندا وایە کە ئافرەتان کەمتر ڕوودەکەنە ژیانی سیاسی، هۆکاری دووەم پەروەردەی کۆمەڵگەیە کە وادەکات ئافرەت نەتوانێت لە بواری سیاسیدا کاربکات، واتە سیستەمی زاڵ و ئەقڵییەتی پیاوسالاری ڕێگری لە بەشداری ئافرەت لەکاری سیاسی دەکات. ئەگەر ئافرەتی سیاسیش هەبێت و بتوانێت بەشداری چالاکانەش بکات، پێگەی نابێت، ئەمە هۆیەکی مانەوەی توندتیژییە لەکۆمەڵگە.

*** لە دواکۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان تا چەند ئەو بوارە بۆ ئافرەتی سەرکردە ڕەخسا؟**

- هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئافرەت بۆ سەرکردایەتی پارتی گۆڕانکارییەکی باش بوو، جاران یەك ئافرەت بوو، ئێستا بۆتە چەند ئافرەتێك، هەرکامیشیان لە شوێنی خۆیان و بەرامبەر بە کاری پێسپێردراویان و حزووریان لەناو کۆمەڵگە،ڕۆڵی خۆیان هەیە. ئەوەش کە تا چەند سەرکەوتوون، با هاووڵاتیی خۆشەویست بڕیاری لەسەر بدات.

*** دەگوترێ ئافرەتانی حزبی بەرامبەر بە گەندەڵییەکان کەمتەرخەم و بێدەنگن، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

- پێموایە ئەو رایە لەجێی خۆی نییە، بە پێچەوانەوە ئافرەتانی حزبی بەرامبەر بە گەندەڵییەکان کەمتەرخەم و بێدەنگ نین، من برادەرم لەهەموو حزبەکان هەیە، لەیەکێتی، یەکگرتوو، شیوعی، لەحزبە مۆدێرن و علمانییەکان، هەموومان کە دادەنیشین گلەییمان هەیە لەبوونی کێشەو گەندەڵی، زۆربەی ئەو ئافرەتانەش هەڵویستیان هەبووە بەرامبەر بە گەندەڵی، چ لە ڕاگەیاندن و چ بەرامبەر بە پەرلەمان و حکومەت، بەڵام پارتی لەبەر ئەوەی حزبێکی دێرینە و یەکەم حزب بووە کە ڕێکخراوی تایبەت بە ئافرەتی دامەزراندووە، بۆیە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان وەك بەشێك لە پارتی بەرامبەر بە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، واتە بەرامبەر بە مافی ئافرەت و دژایەتیکردنی گەندەڵی مەسئولییەتی زیاتری لەسەرشانە.

*** وەك پارتی تاچەند بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کارتان کردووە؟**

- بێگومان پارتی بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەو بەشێکە لەدەسەڵات، ئەگەر کۆمەڵگە بەرەوپێش چووبێت، ئەوا پارتی بەرەوپێش چووە، ئەگەر کۆمەڵگە کێشەی هەبێت، ئەوا پارتیش کێشەی هەیە، بەڵام پارتی لەدرووستبوونیەوە تائێستا پشتیوانی لەمافەکانی ئافرەتان کردووە، لەوکاتەشەوە کە ئەم هەرێمە دروستبووە، کاری خۆی کردووە، ئەوەتا کەسایەتییەکی وەك کاك نێچیرڤان لەناوخۆ و دەرەوەش بەکەسێك ناسراوە کە هەمیشە پشتیوانی لەئافرەت و بەرگری لە مافەکانی ئافرەتان کردووە.

*** سیستەمی کۆتا قسەی زۆری لەسەر کراوە، چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەو سیستەمە هەیە؟**

- بێگومان ئەوە لەهەموو جیهاندا جەدەلێکی زۆری لەسەر هەیە،

کۆمەڵگەی ئێمەش دوو ئاراستەی بۆ هەیە، هەندێك پێیان باشەو هەندێکیش دژین، من خۆم پێموایە سیستەمی کۆتا لەقۆناغی ئینتقالیدا زۆرباشە، چونکە کۆمەڵگەکەمان لە ئێستادا کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییەو ئەو متمانەیەی بە پیاوانیان هەیە، بە ئافرەتیان نییە، تەنانەت زۆر ئافرەت هەیە متمانەی بە توانای پیاو هەیە، نەك ئافرەت، بۆیە دەنگ بەئافرەت نادات، بەڵام دەبێت کەشێك دروست بکەین بۆ ئەوەی ئافرەت بۆ پۆستێکی باڵا بتوانێت ململانێ لەگەڵ پیاو بکات، ئەو کات پێویست ناکات کۆتا هەبێت .

*** ڕێژەی ئافرەت لەناو ئۆرگانەکانی پارتی چەندە؟**

- بێگومان ڕێژەی ئافرەت لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەناوچەی پشدەر و رانیە ڕێژەکەمان دەگاتە سەداپەنجا، بەڵام

**پارتی یەکەم حزب بووە کە ڕێکخراوی تایبەت بە ئافرەتی دامەزراندووە، بۆیە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەک بەشێک لە پارتی بەرامبەر بە مافی ئافرەت و دژایەتیکردنی گەندەڵی مەسئولییەتی زیاتری لەسەرشانە**



لەسنووری هەولێر کەمە، چونکە کەلتووری ناوچەیی ڕۆڵی خۆی لە ڕێژەی ئافرەتی ناو ئۆرگانە حزبییەکان هەیە، بەگشتی ڕێژەکە خۆی لەسەدا بیست دەدات، ئەم ڕێژەش کەمە و بەردەوام هەوڵی زیادکردنی دەدەین.

*** دەگوترێ توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت لەناو حزب بەردەوامەو پارتیش لەو پەتایە بەدەر نییە، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

- ئەوە پەیوەست نییە تەنیا بە پارتی، هەموو پارتەکانی کوردستانی و هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە، زۆر جار بیستوومانە ئەو ئافرەتانەی کەلە ڕاگەیاندن ئیش دەکەن هەمیشە لەژێر گوشاری دەروونیدان و ڕووبەڕووی زۆر کێشەی فیزیکی و دەروونی و تەنانەت تەشقەڵە دەبنەوە. بەڵام زۆر ئافرەتیش هەن کە دەتوانن خۆیان بپارێزن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە وەك ئافرەت هەوڵبدەین لەگەڵ ئەو پیاوانە کار بکەین کە ڕۆشبیرن و باوەڕیان بەدۆسیەی مافی مرۆڤ و یەکسان بوونی کاری ئافرەت و پیاو هەیە، دەبێت پاڵپشتیش دروستبکرێت بۆ ئەو ئافرەتانە کەبەرگرییان لێبکرێت، من ئێستا پڕۆژەیەکم هەیە کە کاربکەین بۆ چارەسەری ئەم گرفتەو بەنیازین ژمارەی ئافرەتیش لەڕاگەیاندنەکان زیادبکەین.

*** لەکابینەی حەوتەمی حکومەت بۆچی پارتی ئافرەتی کاندید نەکرد؟**

- ئەمە خەلەلێکی گەورەبوو، دەبوو چەند ئافرەتێك هەبوایە لەوەزارەتەکاندا، نەك وەك خێر و سەدەقە، بەڕای من دەبوو ژمارەیەك ئافرەت هەبێت، چونکە ئەگەر بە ڕێژە بێت ئافرەت نیوەن، ئەگەر بەکەفائەت و بەتوانا بێت ئافرەتی باشمان هەیە، بۆیە بەر لەهەموو کەسێك گلەییم لەحزبەکەی خۆم کرد کە بۆ کابینەی حکومەت ئافرەتی کاندید نەکرد، ئێمە داوادەکەین کە لەکابینەی داهاتوودا پشکی ئافرەت هەبێت.

**لە هەر کۆمەڵگەیەک بەشداری سیاسی و سوڵتەوی ئافرەت لاوازبێت، ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار هەژمار دەکرێ**

*** باسی ئەوەت کرد، گوێتان لێنەگیراوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە، کە پێشنیاری ئافرەتانی سەرکردەش پشتگوێ دەخرێت؟**

- بێگومان ئەمە ئاماژە کردنە بەوەی کە گلەییەکان وەك پێویست ناگەنە ئامانج و جێگەناگرن، یان کۆمەڵێك موبەریر هەبوو، وەك ئەوەی کە ژمارەی کورسییەکان کەمبوونەتەوە، یان ئاماژە بەوە دەکرا لەشوێنێکی دیکە قەرەبووی ئافرەتان دەکرێتەوە، ئەمانە هەمووی موبەریرە و چیتر نابێت وەها بێت پێویستە هەموو شتەکان بەوردی خۆی بێت.

*** ئەو هەنگاوە گرنگانەچین بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان و تا چەند کورد لەو ئامانجە نزیك بۆتەوە؟**

- دەبێت سەرەتا کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگ بهاوێژرێت، یەکێك لەوانە گرنگیدانە بەبواری پەروەردە، بۆ ئەوەی بتوانین مرۆڤێکی بەتواناو زیرەك و کارامە دروست بکەین، لەخاڵە گرنگەکانی دیکە بایەخدانە بە دروستکردنی ژێرخانی بەهێزی ئابووری، بۆ درووستکردنی دەوڵەت نابێت نەوت بکرێتە بناغەی هەموو شتەکان، چونکە خاکی ئێمە زۆر دەوڵەمەندە بۆ کشتوکاڵ، هەروەها زۆر لەبارە بۆ گەشتوگوزار، خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە یەکخستنی ماڵی کوردە، ڕاستە ململانێی سیاسی گرنگەو هەموو لایەنێك مافی ئەوەی هەیە کە ململانێ بکات، بەڵام ئەگەر ناوماڵی کورد پەرتەوازە بێت بەرگەی کێشەکانی ناوخۆ و هەرێمی و فشارەکانی وڵاتانی ناوچەکە ناگرێت، خاڵێکیتریش کە زۆر گرنگە، بنبڕکردنی کێشەکانە، بەتایبەتی گەندەڵی کە دەبێت پرۆگرامی تایبەتی و بەپەلە هەبێت بۆچارەسەرکردنی، ئەگەر ئێمە ئەمە تەشبیە بکەین بە لەشی ئینسان، زۆر جار مرۆڤ هەڕەشەی لە دەرەوە لێدەکرێت، هەندێکجار نەخۆشیی ناوخۆی هەیە، ئەوەی گرنگە، دەبێت جارێ ئێمە نەخۆشییەکانی ناو خۆمان چارەسەر بکەین. دروستکردی دەوڵەتی کوردستانیش بەشێکە لەمافەکان و گەلانی دنیا دەبێت مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیان هەبێت.

*** ئەدای ڕاگەیاندنی کورد چۆن دەبینیت؟**

- ڕاگەیاندنێکی بەربڵاو لەکوردستاندا هەیە، کە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر زیاترە، بەڵام سەبارەت بەئەدای کارکردنی میدیا من مولاحەزەم هەیە، هەندێکیان کاری جوان دەکەن، لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت بۆ وشیارکردنی کۆمەڵگە، بەڵام بەشێکیان فەوزا دروست دەکەن، بەجۆرێك کە بەشێك لە میدیای کوردی خەریکە کەلتوورێکی نامۆ دروست دەکات، و ململانێی نادروست لەکوردستاندا پەرە پێدەدات. ڕاستە ئازادی ڕاگەیاندن هەیە، بەڵام نابێت بەم شێوەیە بێت و هیچ سنوورێکیان نەبێت. خودی ئازادیش سنووری هەیە.

*** ئێستا لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە فەزایەکی زیاتر کراوەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر قسە لەسەر پرسی ئافرەتان بکرێت، ئایا تاچەند ئەم فەزا کراوەیە خزمەتی پرسی ئافرەتی کردووە ؟**

- لە بواری دەستەبەری مافی ئافرەتان ئۆپۆزسیۆنیش بەشێکن لەو کۆمەڵگەیەو لەو بوارەدا ئەوانیش هەر وەك حزبەکانیترن، بگرە دواکەوتووتریشن، کارێکی بەرچاویان بۆ ئافرەت نەکردووە، تەنانەت گۆڕانی ئافرەتی نەهێناوەتە پێشەوە، ڕەنگە لەپەرلەمان حزووریان هەبێت، بەڵام ئەوانیش پێویستە گرنگی زیاتر بە مەسەلەی ئافرەت بدەن.

*** وەك دواپرسیار، ئایا چ پەیامێکت بۆ خوێنەران هەیە و کەموکوڕی گۆڤاری گوڵان لە چیدا دەبینی؟**

- لەکۆتاییدا هیوادرام ئەو ماوەیەی کە دانراوە بۆ بەرەنگاربوونەوی توندوتیژی، تەنیا ئەو دوو هەفتەیە نەبێت، چونکە ئەم پرسە بەو چەند ڕۆژ چارەسەر نابێت، بەرنامەیەکی تایبەتمەندو و بەردەوامی پێویستە، سەبارەت بە (گوڵان)یش، گۆڤارەکە بەشێکە لە دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕەنگە تا ڕادەیەك کراوەتر بووبێت لەچاو دەزگاکانیتر سەبارەت بەدۆزی ئافرەت، بەڵام پێوستە ژمارەی ئافرەتانی زیاتر بکرێت، بەکارکردنی ئافرەت و ڕۆشنبیرکردنی ئافرەتان زەمینەی زیاتر بڕەخسێنن بۆ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە، بایەخی زیاتر بەئافرەتان بدەن و ڕادیکاڵتر کار لەسەر کارەکان بکەن .

**ئۆپۆزسیۆنیش بەشێکن لەو کۆمەڵگەیەو لە بواری دەستەبەری مافی ئافرەتان وەک حزبەکانیتر و بگرە دواکەوتووتریشن**



# نهێنییەکی کوشتن لەبەردەم کامێرای چاودێریدا ون دەبێت

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەم تا زۆر و بە ڕێژەی جیاواز خیانەتی هاوسەری ڕوو دەدات، بەڵام کەمتر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەو خیانەتە سزای مەرگی بۆ دیاری دەکرێت و کەم جار تۆڵەسەندنەوە بە کوشتنی خیانەتکارەکە کۆتایی دێت. ئەو چیرۆکانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی هاوسەراندا خۆی بە ناخی دیاردەی خیانەتدا شۆڕ دەکاتەوە، کەم نین! مەرجیش نییە کە هەر ناوی خیانەت هات، یەکسەر ئافرەت تاوانبار بکرێت، زۆر جار پیاوەکان خۆیان خیانەت دەکەن و زەمینەی خیانەتی هاوسەریش دەڕەخسێنن. بەڵام لە گشت کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا زیاتر ئافرەت دەبێتە قوربانی و لە کونجێکدا بە تۆمەتی «بێ نامووسی» بێکەسکوژی دەکەن.

(ز) ئافرەتێکی جوان و ڕێکوپێك و تەمەن ٢٨ ساڵ بوو، ئەو دایکی سێ منداڵی چاوگەش بوو، کە بە هۆکارێکی نادیار کوژرا.

چیرۆکی ئەم تراژیدیایە کە ڕووداوێکی واقیعییە، لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە زنار بۆ ماوەیەك لەلایەن هاوسەرەکەیەوە گومانی ناپاکی لێدەکرێت، بەوەی کە پەیوەندیی لەگەڵ پیاوێك بە ناوی (س) ی تەمەن ٣٤ ساڵدا هەبووە، دوای ئەوەی مێردەکەی (ز) بەم پەیوەندییە دەزانێ، کامێرای چاودێری لەبەر ماڵەکەیان دادەنێت، بەیانییەك (ز) بە جلی ماڵەوە دەچێتە دەرەوە و ناگەڕێتەوە، دوای دوو ڕۆژ تەرمەکەی لە پشت نەخۆشخانەی فریاکەوتنی گەرەکی بەهار لە شاری هەولێر دەدۆزرێتەوە کە بە دەستڕێژی گوللە کوژرابوو، لە کامێراکەش تەنیا ئەوە دیارە کە ئەو ئافرەتە دەڕواتە دەرەوە و کەسیش لە بەردەرگە نییە.

کامێرای چاودێری ناتوانێت نهێنی کوشتنی (ز) ئاشکرا بکات، بەڵام کەسوکاری کوژراوەکە گومان لەو کەسە دەکەن کە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچەکەیان هەبووە، بۆیە لەلای پۆلیس شکی خۆیان دەدرکێنن، ئەو گومانەش دێتەدی، چونکە (س) خۆی ون دەکات. دوای ٢٥ ڕۆژ لە کوژرانی ئەو ئافرەتە (س)یش لەلایەن برا و مێرد و کوڕە خاڵی (ز)ەوە دەکوژرێت، ئێستا هەرسێکیان لە زینداندان و دانیان بە کوشتنی (س)دا ناوە، بەڵام ڕاستی ڕووداوەکە بە شاراوەیی ماوەتەوە، ژمارە مۆبایلەکانی هەردووکیان دراوەتە کۆمپانیاکانی هێڵی گواستنەوە تاوەکو بزانرێت لەگەڵ یەکتر باسی چییان کردووە، بەڵام وەك پۆلیس ئاماژەی پێدا، ئەوان هاوکار نەبوون و تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکیان بە پۆلیس نەداوە.

بەمجۆرە دوو کەس کوژراون و گومانەکانیش بەڵگەی سەلمێنەریان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا گەر بەڵگەش هەبێت و خیانەتەکەش بسەلمێندرێت، ئایا یاسا ڕێگە بە کوشتن دەدات؟

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار دووپاتی کردووەتەوە کە شەرەف لە کوشتندا نییە، یاساش لە دژی نەریتی کوشتن لە سەر شەرەف سزای کوشتنی بەئەنقەستی داناوە، بەڵام ئایا پشتیوانییەکانی حکومەت و یاسا بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان کەی ئەنجامیان دەبێت؟ کەی تاکی کورد واز لە نەریتی توندوتیژی دێنێت و بۆ هەموو کێشە و ئاریشەیەك پەنا بۆ یاسا دەبات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلای تاکە بە تاکی هاووڵاتییانە و کۆمەڵناسانیش بۆ وشیارکردنەوەی تاك و چەسپاندنی یاساکان هەموو ڕێگەیەکی مرۆڤانە پێشنیار دەکەن.

## بەدواداچوونێکی مەیدانی لەسەر

# هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

**ڕۆژی ١١/٢٥ـی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانیی هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەستنیشان کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە ساڵانە بەشداریی لەو یادکردنەوەو ئەو هەڵمەتە جیهانییەدا کردووە. ئەمساڵیش کۆنفرانسێکی ١٦ ڕۆژەی لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بۆ تەرخان کرا. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەش راوسەرنجی خۆیان لەمەڕ ئەو چالاکییانە بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**

«ماوەیەکی زۆرە لەهەرێمی کوردستان باسی نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی و دانانی یاسای تایبەت و جۆرەکانی سزادانی ئەو کەسانە دەکرێت کە توندوتیژی بەکاردەهێنن، بەڵام ئەو چالاکییانە ئامانجی خۆیان نەپێکاوە، چونکە تا ئێستاش کۆمەڵێك لە ئافرەتانی ئێمە لە بەر زەبر و گوشارەکانی نێرینەی خێزان کە بۆتە نەریت پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن، تاکەی کچان و ژنانی ئەم وڵاتە بەشێکیان بە دەستڕێژیی گوللە و ژمارەیەکیان بە سووتاوی مەیتەکانیان بدۆزرێنەوە؟». ئەوە دەستپێکی قسەکانی ژیان سدیق بوو.

ژیان وەك چالاکوانێکی بواری مافی ئافرەتان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی «پێویستە سەدان کۆنفرانسی هەڵمەتی نیشتمانیی ڕێکبخرێت و هەزاران سمینار لە کۆڵان و گەڕەکی شار و لادێ ئەنجام بدرێت و هەموو دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن کاری لەسەر بکەن». گوتیشی «من دەستخۆشی لە هەر جۆرە کارێکی لەو شێوەیە دەکەم، کە هەوڵ دەدات وشیاری تاك بەرامبەر بە مافەکانی ئافرەت زیاد بکات».

### کۆمەڵگەی ئێمە نوقمی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونییە

بەڵام ژیلیا عەزیز، وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی رای پێچەوانەی هەیەو دەڵێت : بێگومان هیچ هەڵمەتێکی لەمجۆرە ناتوانێت لەژیانی ئافرەتاندا رۆڵی سەرەکی بگێڕێت، چونکە کێشەکانی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان وابەستەی کێشەکانی هەموو مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگەدا، واتا شتێك نییە کێشەی من بێت، هی تۆ نەبێت، یان هی پیاو بێت، هی ئافرەت نەبێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە خۆی لەکێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونیدا خنکاوە، واتا کێشەکان بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستن بەهەردوو ڕەگەزەوە نەك بەڕەگەزێکی دیاریکراوەوە.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە، کاتێك رووبەڕووی ئەو پرسیارە کرا، کە کۆنفرانسی هەڵمەتی نیشتمانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان هەمەلایەنەو هەردوو ڕەگەزیش تێیدا بەشدارن و دەکرێ ئاریشە و ڕێکارەکانی چارەسەرو دەستنیشان بکەن، بۆچی لە هەڵمەتی لەوجۆرە بێ هیوایت؟ لەوەڵامدا گوتی: من پێموایە گەر هەفتەیەك باسی مافی ئافرەت بکرێت، هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە کێشەکان تەنیا پەیوەست نین بەوەی کە ئایا فرەژنی هەیە، یان ژن پۆستی باڵای نەدراوەتێ، یان ژن بکرێت بەئەندامی پەرلەمان، بەڵکوو کێشەکان پێویستی بە گرنگیدانی زیاتر بەبوارە تایبەتمەندە مرۆییەکان هەیە، وەك گرنگیدان بەکردنەوەی دایەنگەو دابینکردنی مووچەو پێداویستی باش بۆ ئافرەتان، چونکە ئافرەت هەیە خەمی سەرەکی ئەوەیە کە دەبێت سەری ئەم مانگە کرێی دایەنگەی منداڵەکەی و کرێی خانووەکەی و پارە بۆ مامۆستای تایبەت بۆ منداڵەکەی دیکەی و زۆر پێداویستی دیکە دابین بکات، ئەوانە کێشەن، ئەگەر حکومەت راست دەکات، پێویستە گرنگی بە مووچەی ئافرەتان و دەرفەتی یەکسان لەگەڵ پیاو بۆ کارکردن و خوێندن و تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بدات، ئەوە باشترین مافە بۆهەموو ئافرەتێك بۆ ئەوەی چیتر بەشخوراو نەبێت.

### کێشەو گرفتی ئافرەتان کەم نین، توندوتیژی و ڕێژەی پێشێلکردنی مافەکانیشیان زۆر بەرچاوە

هەر لەدرێژەی بەڕێوەبردنی رۆژانەی کۆنفرانسی هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ لە هەولێر بەردەوام دەبێت، لە کاتی پشوویەکدا، دوای ئەوەی ریکۆردەری گۆڤاری گوڵان، خرایە بەردەم نیگار مەحموود کۆمەڵناس و چالاکی بواری مافی مرۆڤ، بۆ ئەوەی راوسەرنجی خۆی لەبارەی ئەو کۆنفرانسە دەر ببڕێت، سەرەتا هێمای بۆ ئەوە کرد کە «لە کۆمەڵگەی ئێمە کێشەو گرفتی ئافرەتان کەم نین، توندوتیژی و ڕێژەی پێشێلکردنی مافەکانیشیان زۆر بەرچاوە، بۆیە کۆنفرانسی لەم جۆرە نەك شانزە ڕۆژ، بەڵکو هەزار رۆژیش بخایەنێت، هێشتا کەمە بۆ ئەوەی بە تەواوی پەیامی خۆی بە تاکی کۆمەڵگە بگەیەنێت». گوتیشی «بەشداری سەرۆکی حکومەت و لێدوان و پەیامەکانی لەم کۆنفرانسەدا ورە و بوێریی زیاتری بە ئافرەتانی کوردستان بەخشی .

### ئەو هەڵمەتانە زیاتر لە ئاهەنگی هەڵپەڕکێ دەچێت و تەنیا بۆ خۆدەرخستنی چەند ئافرەتێکە

لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی شارەزایانی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئەو جۆرە کۆنفرانسانە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی تاك، بەکارو چالاکییەکی ئەرێنی هەژمار دەکەن، بەڵام رای پێچەوانەش کەم نین، ئەوەتا هێرۆ عەبدوڵلا کە فەرمانبەرە و دایکی سێ منداڵە دەڵێت :بەداخەوە ئەم هەڵمەتە تەنیا پارەسەرفکردنە و زیاتر لە حەفلەی هەڵپەڕکێ دەچێ و تەنیا بۆ خۆدەرخستنی چەند ئافرەتێکە، چونکە هیچ کاریگەرییەکی لە باشترکردنی مافی ئافرەتاندا نییە، راسپاردە و بەلاغی کۆتایی ئەو کونفرانس و کۆنگرانەش بەداخەوە کاردانەوەیان لە



## بەشداریی سەرۆکی حکومەت و لێدوان و پەیامەکانی لەم کۆنفرانسەدا وره و بوێریی زیاتری بەئافرەتانی کوردستان بەخشی

سەر یاسا و پەرلەمان و حکومەت نییە.

ئەو ئافرەتانەش کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، گلە و گازاندەی خۆیان و هەیە، بەشێکیشیان بە بەڕێوەبردن و کۆنفرانسەکانی تایبەت بە ئافرەتان دڵخۆش نین.

«من لەیەیانییەوە هەتا نزیك ئیوارە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی رۆژانەی خێزانەکەم و کڕینی داو دەرمان بۆ دایکم کە نەخۆشە، لەم سوپەرمارکێتە کاردەکەم، داهاتیشمان زۆر کەمە و هیچ دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بێکاریمان نییە، هەزار کۆنفرانس بکەن، بە من چی، گەر کاریگەری لەسەر ژیانی من و ئافرەتانی کەمداهات نەبێت». شەهلا حوسێن وایگوت. گوتیشی: ئەو کۆنفرانسانە تەنیا بۆ ریکلامەو هیچ لەژیانی منی هەژار ناگۆڕێت، من بۆ چوارسەد هەزار دینار لەهەشتی بەیانییەوە هەتا چواری عەسر بەپێوەم، کەس هیچ بۆ ئێمە ناکات، من چی لەکۆتا بکەم، هەمووی باسی کۆتا دەکات، ئەگەر ژنە پەرلەمانتارەکان دەیانەوێت مافی ئێمە مسۆگەر بکەن، با بیر لە یاسای کۆپیکراوی ئەوروپا نەکەنەوە، بابێن کار بۆ ئێمە بدۆزنەوە، کۆتا لەپەرلەمان دانەنێن، کۆتا لەوەرگرتنی زانکۆ دابنێن و هەموومان لەدامودەزگاکاندا دابمەزرێنن».

### ئەو پارەیەی بۆ ئەو کۆنفرانسانە خەرج دەکرێت بە غەدری دەزانم

رۆژنامەنووس شیفا گەردی سەبارەت بە هەمان پرس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەفتەیەك بۆ هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاری توندوتیژی ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، چونکە هەموو رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کارو چالاکییەکانیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودایەو ناتوانن کاریگەر بن، بۆیە هیچ هەنگاوێکی دڵخۆشکەر بۆ ئەم مەبەستە نابیندرێت. گوتیشی: من بە غەدری دەزانم ئەو پارەیەی لەو هەڵمەتانەدا خەرج دەکرێت، چونکە ئەوە چاسەری ئەم کیشەیە ناکات.

شیفا رایوایە، هەتا پیاوی کۆمەڵگە بەرامبەر بەمافی ژن وشیار نەکرێتەوە، هیچ مافێك دەستەبەر ناکرێت، گەر یاساشی بۆ دابنرێت، پیاوی ناوشیار جێبەجێی ناکات، وەك رێکاری چارەسەرکردنی کێشەکەش دەڵێت: من سێ رێکاری کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بەچارەسەرێکی کاتی و لە هەمان کاتدا ماوەدرێژ دەزانم، یەکەم: درێژماوە ئەوەیە کە تاکی کوردی رۆژ بە رۆژ بەرەو کرانەوە و راهاتن دەڕوا لە بەرامبەر کۆمەڵێك پرسی تایبەت بە ژن کە لەئێستادا ژنی لەسەر دەکوژرێت، ئەوە کاری بەردەوامی دەوێت و لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگە

## حکومەت پێویستە گرنگی بە دەرەفەتی یەکسانیی ژن لەگەڵ پیاو بۆ خوێندن و کارکردن و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و تەندروستی بدات

## هەتا پیاوی کۆمەڵگە بەرامبەر بەمافی ژن وشیار نەکرێتەوە، هیچ مافێک دەستەبەر ناکرێت، گەر یاساشی بۆ دابنرێت

ژن دەبێت بە جددی بەشدار بکرێت، دووەم ئەوەیە ژن ببێتە خاوەن سەرچاوەی داهاتی خۆی کە ئەرکی حکومەتە ئەو ژنەی کە نەخوێندەوارە، بیمەی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەهەموو کاتێکدا بەو بیمەیە ژیان بۆ خۆی دەستەبەربکات، خاڵی سێیەمیش ئەوەیە دانانی سزای زیندانی ٢٠ ساڵ تاهەتاهەتاییە بەرامبەر بەو باوك، برا، مێرد، یان خزمانەی کە دەبنە بکوژی ژن.

### هەڵمەتەکانی رابردووش هیچیان لەبابەتەکە نەگۆڕیوە

چالاکوانی بواری مافی ئافرەتان هودا خەلیل، سەبارەت بەو پرسە تێڕوانینی خۆی هەیەو ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان شتێکی زۆر نوێ نییەو هەموو ساڵێك ئەنجام دەدرێت، لە سالانی رابردووشدا ئەم هەڵمەتە هەبووەو وەك ئەمساڵ درێژەی کێشاوە، بەڵام هیچی لە بابەتەکە نەگۆڕاوەو ڕەوشی ئافرەتیش وەك خۆی ماوەتەوە، گوتیشی «هەتا ئیستا نە لەکوردستان و نە لەهیچ شوێنێك ئەم جۆرە چالاکییانە ئامانجی خۆیان نەپێکاوە، جگە لە سەرقاڵکردنی خودی ئافرەت، چونکە بەبێ بەرنامەیەکی تۆکمە ئەو هەڵمەتە دروست بووە و بەبێ بەرنامەییش کۆتایی دێت، بێ ئەوەی هیچ بگۆڕێت یان ڕوودات».